# ئاڵوودەبوون بە ئینتەرنێت

## هۆکارێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیە رووبەڕووەکان

سەلام نەسرەدین*

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، هیچ ئامێرێك نەیتوانیوە وەك ئامێری کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی بکات، بەتایبەتیش ئینتەرنێت کە یارمەتی مرۆڤی داوە لە پێشکەوتن و بەرزکردنەوەو ئاڵاشنکردنی مرۆڤ لەسەرجەم بوارەکاندا.

ئینتەرنێت (تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی)، ئەم تۆڕە زەبەلاحە شێوەی گەردوونی بە شێوەیەکی سەرسورهێنەرو لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕی. کاتێك زانایان بە تایبەت (مارشاڵ ماکڵۆهان ) کە باسی لە گوندی ئەلیکترۆنی کردووە ، هێشتا ئەو تەکنەلۆژیا گەورەیە نەهاتبووە ئاراوە. بەڵام ئێستا باس لە ژوورێکی گەردوونی دەکرێت، نەك گوندێکی گەردوونی. کە مرۆڤ بەبێ بەجێهێشتنی ئەو ژوورە دەتوانێ پەیوەندی بە هەموو لایەکی ئەم جیهانەوە بکاتو مەبەستو ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت، کە جاران پێویستی بە چەند ساڵێك دەکرد بۆ بەدیهێنانی.

ئەتوانین بڵێین، ئەمرۆ بەهۆی پەیکەرێکی ئەفسانەییەوە کە رۆحی بەبەردا کراوە دەتوانرێ پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم تاکەکانی مرۆڤایەتییدا ئەنجام بدرێ کە خۆی لە گفتوگۆی نێوان چینەکان، دیانەتەکان، نەتەوە جیاوازەکان، رەنگە جیاوازەکانو بیرورا جیاوازەکاندا دەبینێتەوە، هەروەها دەتوانرێ لەڕووی زانستییەوە جوانترینو باشترین دەستکەوتی لێ بەدەست بهێنرێت، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت کە هەر ئەو ئامێرە وەك مۆتەکەیەك دەتوانێ رۆحی مرۆڤ داگیر بکاتو تووشی سەرگەردانی بکات.

هیچ بەکارهێنەرێك نییە ئەمڕۆ هەست بەلایەنی خراپیو مەترسییەکانی ئەو تۆڕە ئەلیکترۆنییە نەکات، کە پێویستە هەموو بەکارهێنەرێك ئاگاداری ئەوەبێت کە ئەو تۆڕە چەندە مەترسی هەیە لە پاڵ سوودەکانیدا. گومانی تێدانییە کە جگە لە نەخۆشی ئاڵودەبوون واتا (ادمان) کە یەکێکە لەنەخۆشییەکانی ئینتەرنێت، چەند نەخۆشییەکی تر هەیە کە تووشی بەکارهێنەران دەبێت لەوانەش:

⋆ نەخۆشییەکانی لەشو لار (جەستە): لەو نەخۆشیانەی کە تووشی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ دەبێت گرژبوونی دەستو پەنجەیە، دیارە ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ماوسەوە دروست دەبێت، هەروەها نەخۆشیەکانی چاویش بەهۆی ئەو تیشکدانەوەیەی لە رێگای شاشەی کۆمپیتەرەکەوە دەردەچێت زیان بەچاو دەگەیەنێت، نەخۆشییەکانی بڕبڕەی پشتو قاچەکانیش بەهۆی زۆر دانیشتنو مانەوەی زۆر، مەترسییەکانی هەوکردنی گوێچکە بەهۆی بەکارهێنانی مایکرۆفۆن، قەڵەویو چەندین نەخۆشی تری جەستەیی بەو هۆیەوە دروست دەبن.

⋆ نەخۆشییە دەروونییەکان: زانایانی بواری دەروونناسی باس لەو جیهانە خەیاڵییە دەکەن کە تۆڕی ئینتەرنێت پێشکەشی دەکات، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی دەروونی بە تایبەت لەسەر ئەو کەسانەی کە تەمەنیان کەمەو واقعو خەیاڵ تێکەڵ دەکەن، ئەو کەسانە بەشێوەیەك پەیوەندی دروست دەکەن کە دوورە لە جیهانی راستییەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو توانایەی کە کەسایەتی دەروونی خۆی پێ دروست بکات. بەشێوەیەك کە نەتوانێ لەگەڵ

internet

کۆمەڵگەدا تێکەڵ بێت و لەگەڵیان بژیێ.

★ کاریگـەری کۆمەڵایەتـی: کاریگەرییـە کۆمەڵایەتییـەکان مەترسـییەکی گەورە دروست دەکەن، بە پێی ئەو مەترسییانەش تێڕوانینەکانـی زانایانیـش بەرامبـەر بە کۆمەڵگـە لەمرۆدا لە گۆڕاندایـە، بۆیـە لـێرەدا ئەو پرسـیارە دێتە ئاراوە کـە ئایا لە پێگەیەکی جوگرافی دیاریکراودا دەتوانرێ کۆمەڵگە یەکبخرێت؟ ئایـا دەتوانـین پێکهاتـەی کۆمەڵگـەکان و پەیوەندییەکانیان کە لەسەری راهاتوون و هەریەکەیان لە کیشوەرێکدا دەژین پشت گوێ بخەین؟ لـێرەوە پاشەکشـێیەکی ئاشـکرا هەسـتی پێدەکرێـت لـە نـاو مرۆڤەکاندا لـە رووی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە بەرەو دابـڕان و پەرتەوازە بوون دەیانبـات، ئەمـەش بەهۆی ئەو پێشـکەوتنە بەرچاوەی لەڕووی تەرفیهـی و کات بەسـەربردندا هاتۆتەئـاراوە، لەلایەکـی ترەوە ئینتەرنێـت کاریگەری لەسـەر پێناسـی نەتەوەیی هەیە، ئێستا چ نەتەوەیـەك، دیانەتێـك یان پێکهاتەیەك، دەتوانێ پارێزگاری لەناسـنامە رۆشـنبیرییەکەی خـۆی بکات لەگـەڵ ئەم جەنگی زانیارییە بێکۆتاییەدا کە خاوەن چەکێکـی بەهێـزەو هەمـوو کەسێك دەتوانێ بە بڕو قەبارەی جیـاواز زانیـاری لێ بەرهـەم بهێنێت یان دەستەبەری بکات.

★ لـە سـەرووی ئـەم مەترسـیانەوە ( ئاڵودەبـوون بە ئینتەرنێـت) دێـت. ئینتەرنێت تەنهـا تۆڕێکـی بەیەکـەوە بەسـتەرەوەی ئامێرەکانـی کۆمپیوتەر نییە کـە لە یەکەوە دوورن، بەڵکـو جیهانێکی تەواوە و گەشـەدەکات و پێشدەکەوێت و زۆردەبێت هاوشان لەگەڵ جیهانە راسـتەقینەکەیدا. نابێ ئەوە لە بەرچاو نەگرین کە ئەم جیهانە (ئینتەرنێت) سـەرنج راکێشـەو توانایەکـی لـە راددەبەدەری هەیە لـە راکێشـانی مرۆڤەکان لە جیهانە راسـتەقینەکەیەوە بۆ جیهانەکەی خۆی، وەك دەروێشێك کە لە دنیای واقیعیەوە دەچێتە دنیای رۆحانیەت. بە شـێوەیەکی ئاسـان هەنـدێ کەس وایـان لێهاتووە یان وا هەسـت دەکەن کە بەسـەربردنی کاتەکانی خۆیان لەگەڵ ئینتەرنێتدا بەسـوودترو بەبایەخـتری دەزانن وەك ئەوەی ئەو کاتانەیـان لەگەڵ خێزان و هـاورێ خۆشەویسـتەکانیاندا بەسـەربەرن، ئەم جۆرە کەسـانە رۆژبەڕۆژ هەست بە تەرخانکردن و دیاریکردنی ئەو هەڵبژاردن و



ئامادەییـە دەکەن کە ئـەو تەکنیکە گەورەیە دروسـتی کردووە و رەخسـاندوویەتی بە هۆی ئەو خێراییەی کە هەیەتی و پێشـتر نەبووە .

لەو بارەیەوە چەند توێژینەوەیەکی زانسـتی لە کۆریای باشور دەریخسـتووە کە رێژەیەکـی زۆر لە بەکارهێنەرانـی ئینتەرنێت تووشـی ئاڵودەبوون هاتوون، هـەر لەو توێژینەوەیـەدا هاتووە، ئەو کەسـانەی تازە پێگەیشتوون زۆربەی کاتەکانیان لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان بەسەر دەبەن و لەگەڵ منداڵانی تردا یاری دەکـەن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە، هەروەهـا زۆرێك لەخێزانەکان بەیەکـەوە دەچن بۆ (کۆفـی ئینتەرنێت)و بەتەنیشـت یەکەوە دادەنیشـن لەسـەر ئینتەرنێت ویاری دەکەن بەبـێ ئەوەی هیچ گفتوگۆیەك لەگەڵ یەکتریدا بکەن.

لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە روو سەبارەت بە ئاڵودەبوونی ئینەتەرنێت، کە مرۆڤ بەهـۆی زۆر بەکارهێنانی لەرادەبەدەری ئینتەرنێتەوە تووشی گرفت هاتووە:

پێگەی رایدەر rider.edu بڵاوی کردۆتەوە کە خوێندکارێك بە هۆی ئاڵودەبوونی بە ئینتەرنێت و دوورکەوتنەوەی لەخەڵك و کۆمەڵگـە دەسـتبەرداری خوێندنی زانکۆبـووە، هەروەها هاورێ خۆشەویستەکەیشـی لەدەسـت داوە، هەرچەنـدە چەندجـارێ هەوڵی داوە دەسـتبەرداری ئەو حاڵەتە بێت، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لـە وازهێنانەکەی دووبـارە گەڕاوەتەوە سـەر بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

حاڵەتێکـی تر، مردنی کورێکی گەنج، بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بۆ ماوەی (٨٦) کاتژمێر بەبێ دابڕان کە تەنها سەرقاڵی یاری کردن بووە لەو ماوەیەدا، پاش پشکنینی پزیشکی دەرکەوتووە کە تووشی نەزیفی دەماری مێشك بووەو لەڕووی جەستەییەوە زۆر ماندووبووەو لەو ماوەیەشدا هیچ نەخەوتووە. لە وڵاتی میسریش دادگا بڕیاری جیابوونەوەی بەسـەر پیاوێکدا سەپاند پاش ئەوەی لەلایەن ژنەکەیەوە داوایەکی یاسـایی لەسـەر تۆمارکردبوو، ئەو پیـاوە راهاتبوو کـە رۆژانە(١٤) کاتژمێر لەسـەر ئینتەرنێت کات بەسـەرببات . کە ئەوەش ببـووە هۆی تێکدانی بـاری خێزانی و کۆمەڵایەتـی نێوان ژن و پیاوەکە. بێگومان ئەم حاڵەتە یان بڵێین ئـەم ئاڵودەبوونەش لای ئێمە هەیەو زۆرێك لـە بەکارهێنەرانی

ئینتەرنێت تووشی ئەم حاڵەتە بوونە، بەتایبەت توێژی خوێندکاران‌و گەنجەکانمان، کە خوێندکار هەیە رۆژانە(٩) کاتژمێر لەسەر ئینتەرنێت کات بەسەردەبات بە چاتکردن‌و ئیمەیڵ ناردن‌و پێگە تەرفیهییەکان..تد. بە دڵنیاییەوە ئەم حاڵەتە تەنها تایبەت نییە بە وڵاتێك یان چەند وڵاتێك، بەڵکو سەرجەم وڵاتانی دنیا لەو رووەوە تووشی گرفت هاتوون، هەرچەندە ئاڵودەبوون بە ئینتەرنێت هاوشێوەی ئالوودەبونی جگەرەو خواردنەوە رۆحییەکان نیە، بەڵام بێگومان ئەو گرفتە پێویستی بە چارەسەر هەیە، ئەوەش بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە خودی کەسی ئاڵودەبوو کە بەپێی توانا ئەو کەسە هەوڵبدات رێژەی بەکارهێنان کەمبکاتەوە. کە لە چەند





بوارێکدا کەسی ئالوودەبوو دەتوانێ خۆی لەسەر شتی بەکەڵك رابهێنێ وەك: بەکار هێنانی ئینتەرنێت بۆ ئەو شتانەی کە لەگەڵ داب‌ونەریتەکاندا یەکدەگرێتەوە، وەك (وەرزش، بینینی هاورێیان، یاریکردن لە کەش‌و هەوایەکی کراوەدا..)، ئەمە سەرەرای ئەوەی لەرووی تەندروستیشەوە زیان بە مرۆڤ ناگەیەنێت‌و لەمەترسی ئاڵودەبوونیش دووریان دەخاتەوە.

(مارك گریفیتس) پزیشکی دەروونی دەڵێت:"ئینتەرنێت لەلای کەسی ئاڵودەبوو چالاکییەکی گرنگە" هەروەها پزیشکێکی تر(مارسییا) کە نەخۆشخانەیەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە کردۆتەوە لەو بارەیەوە لای وایە کە هاندەری سەرەکی بۆ مانەوە لەسەر ئینتەرنێت دروستکردنی پەیوەندی‌و چوونە ناو پێگە سێکسیەکانە، ئەوەش بەو هۆیەی کە لەسەر ئینتەرنێت ناسنامەی کەسەکان بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، کە خۆی لەخۆیدا هاندەرێکی سەرەکییە بۆ ئاڵودەبوون. هەر ئەو پزیشکە ئاماژەی بەوەداوە کە زۆربەی ئەو نەخۆشانەی سەردانی دەکەن لەهەوڵی رزگارکردنی ژیانی خێزانی و پاراستنی مانەوەیانن لەسەر کارەکانیان.

بەڵام لەلایەکی ترەوە(مارك فایدەر هۆڵد) سەرنووسەری گۆڤاری (saber sociology and behavior) دەڵێ:"پزیشکانی بواری دەروونناسی کۆك نین لەسەر بوونی نەخۆشییەك بەناوی ئاڵودەبوونی ئینتەرنێت وەك نەخۆشییەك، بەڵکو ئەم حاڵەتە وەك ئاڵودەبوون بەشتکرین یان سەرکێشی سەیر دەکەن"

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەیەکی ناتەندروست‌و بێ بەرنامەرێژی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێ مەترسی جەستەیی‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی تەنانەت ئابوریش. بۆیە ئەگەر یەکێك هەستی کرد کە کەسێکی نزیکی(ئەندامانی خێزان‌و هاورێ...) رووبەرووی ئەم حاڵەتە بوونەتەوە دەتوانن بەشێوەی ئامۆژگاری یان رێنیشاندان، لەمەترسیەکانی ئینتەرنێت ئاگاداریان بکرێتەوەو هاوکارییان بکرێت کە رەنگە تاوەکو ئێستا کەسانێك هەبن لە زیان‌و مەترسییەکانی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئاگادار نەبن.

کەواتە بۆئەوەی مرۆڤ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دانەبرێت و بەردەوام بێت لە بەسەربردنی ژیانی ئاساییدا، پێویستە خۆی لە زیاد بەکارهێنانی ئینتەرنێت‌و مانەوەی زۆری بەدیار شاشەی کۆمپیوتەرەوە دوور بگرێت، هەروها خشتەیەك دابنێ بۆ دیاریکردنی کاتی کارکردن‌و مانەوەی لە سەر ئینتەرنێت. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مەترسییەکانی ئاڵودەبوون بە ئینتەرنێت بروانە:

1.www. rider.edu
2.www.ar.chinabroadcast.cn
3.www.freeArabi.com

---

★خوێندکاری ماستەر لە راگەیاندن ـ زانکۆی سلێمانی